دەستبەسەر هەزارو 300 کارتۆن هێلکەدا گیراوە و دوو تەمەتباریش دەستگیرکران



پۆلیسی سلێمانی لە ڕاگەیەندراوەکدا وتی، "مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی سەیدسادقی سەر بەبەشی پۆلیسی سەیدسادق دەستیان بەسەر بارهەڵگرێکدا گرت کە هەزارو 300 کارتۆن هێلکەی تێدا بووە کە هیچ بەروارێکی دەرچوونو بەسەرچوونی لەسەر نەبووە، هەروەها دوو تەمەتباریش دەستگیرکراون".

ئاوەشی گووت، "دوای ئەوەی زانیاری گەیشتە هێزەکانی پۆلیس کە بارهەڵگرێک لە کۆگایەکدا بێ هەزارو 300 کارتۆن هێلکەی تێدایە و هیچ بەروارێکی دەرچوونو بەسەرچوون لەسەر هێلکەکان نەبووە، ئەوەش بەپێی ڕێنماییە تەندروستییەکان ڕێگەپێنەدراوە و خاوەنەکەی بەنیاز بووە لەناو بازاڕدا ساغی بکاتەوە، مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی سەیدسادق بەهاوکاری لیژنەکانی ئابوری قایمقامییەت توانیان دەستبەسەر بارهەڵگرەکە و هێلکەکاندا بگرن".